# مەلەفی:

# عەبدولڕەحمان مونیف



# عەبدولڕەحمان کوڕی ئیبراهێمی مونیف



- لەدایکبووی (1933/5/29) عەممان- ئوردن، پسپۆڕێکی ئابورییە، هەروەها ئەدیب و ڕەخنەگرێکی نوێگەرە.

یەکێکە لە گرنگترین ڕۆماننووسە عەرەبەکانی سەدەی بیستەم، بە ڕەچەڵەک بۆ شارۆچکەی قەسیبی سعودیە دەگەڕێتەوە.

- منداڵیەتی مونیف لە ئوردن بووە، دواتریش چووەتە سعودیە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ئوردن تەواو کردوە، ئینجا دەستی کردوە بە خویندن لە کۆلێژی یاسا لە بەغدا تاکو ساڵی 1955، پاشان بە بڕیارێکی سیاسی خۆی و چەند خوێندکارێکی هاوڕێی دوورخراونتەوە، بۆ ئەوەی لە میسر خوێندن تەواو بکات، دوای ئەوەش بەرەو یوگسلافیا ڕۆشت بۆ ئەوەی خوێندنی باڵای لە زانکۆی بلگارد تەواو بکات و دکتۆرا لە ئابووری وەدەستبهێنێت.

- لە ساڵی 1973 لە بەیروت لە گۆڤاری (بەلاغ) دەست بەکاربوو، دواتر دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکانی، لەو ماوەیە هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی سوری کرد بە ناوی (سوعاد قەوادری) و سێ کوڕ و کچێکیان بوو. لە ساڵی 1975 گەڕایەوە بۆ بەغدا، ئەوجا بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری (نەوت و گەشەپێدان). لە ساڵی 1981 بەرەو فەرەنسا سەفەری کرد، بۆ ئەوەی بە تەواوی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات، دواتریش لە 1986 گەڕایەوە بۆ سوریا، تاکو دوا ڕۆژەکانی تەمەنی لەوێ مایەوە.

بەرهەمەکانی مونیف:-

- دارەکان و تیرۆرکردنی مەرزوق- ڕۆمان- 1973

-چیرۆکێکی خۆشەویستی مەجوسی- ڕۆمان- 1974

-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- ڕۆمان- 1975

-کۆتایەکان- ڕۆمان- 1977

-کاتێک پردەکەمان بەجێهێشت- ڕۆمان- 1978

-پێشبڕکێی مەودا دوورەکان- ڕۆمان- 1979

-جیهانێکی بێ نەخشە- ڕۆمان- 1082

-پێنجینەی شارەکانی خوێ- ڕۆمان – 1084

-خاکی تاریکی (سێینە) – ڕۆمان- 1999

# زیندان

## عەبدولڕەحمان مونیف

لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد







چیرۆک





من کۆچەرییەکی هەمیشەیم و بەردەوام لەکۆچ و ڕەودام، ئەوەش هۆکاری سیای لەپشتە. سنووردارکردنی ئازادییەکان، بۆتە واقعێکی تاڵی باو و لەمڕۆشدا زیاتر و زیاتربووە. هەندێ وڵاتی عەرەبی هەبوون، بۆ ماوەیەکی کەم لەم واقیعە تاڵە بەدووربوون، وەلێ ئێستاکێ بەهەرلایەکدا ڕوووەرگێڕیت، زوڵم و ستەم و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبینیت. تەنانەت ئەو ڕژێمانەشی نەرمتر مامەڵەیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا دەکرد، ئەمڕۆکە سەختگیرتر و توندتر ڕەفتاردەکەن.

ئەمە وەك زۆرێکی زۆر لەخەڵکی وای لێکردوم کۆچ بکەم، وەك تاکە ڕێگاچارەیەك لەپێناو درێژەدان بەکارە سیاسی و ئەدەبیەکانم و بەهرەمەندبوون لەئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، بۆخزمەتکردن بەوانەی لەنێو زیندانە تاریکەکاندان و بەشداریکردنێك، لەچارەسەرکردنی کێشەو گیرو گرفتە نەبڕاوەکان.

تائەم ساتەوەختەی ئێستا، خۆرئاوا بەشێویەکی دروست لەکێشەی ستەمکاری لەجیهانی عەرەبیدا تێنەگەیشتووە. بەڵام ئەوە بەلای ئێمەومانانەوە، پرسێکی هەستیار و گرنگە. ئاخر بەئەقڵدا دەچێت ئەوەی بۆچونێکی دەربڕی یان خۆی بۆ وتنی ڕاستیەکان تەرخانکرد، زیندانی  بکرێت و بکوژێت؟ گەروابێت دەبێت هەموو هاووڵاتیەك بێدەنگی هەڵبژێرێت، لەترسی سانسۆری گشتی و دەستبەرداری بیرکردنەوەش بێت، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ سانسۆری ناوەکیانەی خۆی.

هەندێ لەبەرپرسان سزادانی کەسێك کەهەڵەی کردبێ بەئەرکێکی ڕەوا دەبینن، ئیتر ئەو سزادانە بە لەسێدارەدانی یان بەزیندانیکردنی یاخود بە تۆڵەکرنەوە لەکەس و کارەکەی بێت، وەک ئەوەی هاووڵاتیان بارمتەبن و لەژێر گەمارۆ و فشاری بەردەوامدابن.

بەم پێیە ڕۆشنبیر ناتوانێت ڕاستیەکان نەڵێت، گەرچی لەپای ئەوەش زیان بەرخۆی یان بەرکەسانی دیکە بکەوێت، ئاخر ئەرکی سەرەکی ئەو ئەوەیە، شتەکان وەك خۆیان باس بکات و ڕاستیەکان بڵێت.

لە وڵاتانی عەرەبیدا دەسەڵات چەند ڕێگایەك بۆ تەنگهەڵچنین

بەرۆشـنبیران دەگرێتەبـەر، لەوانە: (دەمچەورکردنیـان بەهـۆی پـارەی بـێ شـوماری پـترۆل و ئـەم پرۆسـەیەش، ڕۆژنامەنوسـان و دەزگاکانـی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی گرتـەوە. سـەرباری زەحمەتـی سـەفەر و هاتوچۆکردنـی ئـازاد و تەنگوچەڵەمـەی ژیانـی ڕۆژانـە، لەگـەڵ مەترسـی لەدەسـتدانی ئـازادی یـان ئامرازەکانـی ژیـان... هتـد).

کـۆچ و سـەفەر جۆرێك ئازادیت بـۆ دەستەبەر دەکات و ئـەو ئازادیـەت دەداتـێ، تـاڕای خـۆت دەربـڕی و کـۆت و بەنـدەکان بشـکێنی و دیموکراسـی و دیالـۆگ بچەسـپێنی...

ئـەوەی زۆر جێـی مەترسیە، بێئاگایـی وڵاتانی خۆرئـاوا نییـە لـە هەقیقەتی بارودۆخەکـە، بەڵکـو خەمسـاردی و چاوپۆشـیکردنیانە لـەو زوڵـم و ستەمکاریانە، لەبـەر بەرژەوەنـدی ئابـووری و بەوەشـدا دەردەکەوێـت کەچـۆن لەگـەڵ ڕژێمـە دەسـەڵاتدارەکانی ئـەو وڵاتانـەدا، دەسـتیان تێکەڵکـردووە. کەواتـە خۆرئـاوا تەنهـا لەماڵەکـەی خۆیـدا دەربایسـی دیموکراسـییەو لـە وڵاتانـی دیکـەدا بـۆی گرنـگ نییـە.

ڕژێمـە دەسـەڵاتدارەکانی وڵاتانـی عەرەبـی، هێـزی خۆیـان لەیارمەتـی و دەسـت لـە پشـتدانی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و خۆرئـاواوە بەدەسـت دێنـن کەپشـتیوانیان لێدەکـەن و چاوپۆشـی لـە سـەرکوتکردن و ڕەشـبگیری و پاکتاوکردنـەکان دەکـەن ، تەنانـەت هەنـدێ جاریـش شاباشـی ئـەو کارانەیـان دەکـەن.

گـەر لـە خۆرئـاوا هەسـتکردن و بڕوابوونێکـی ڕاستەقینە بـە دیموکراسـی هەبوایـە (وەك چەمکێکـی ڕەهـا)، ئـەوا دەبـوو سـەرکۆنەی ئـەو بارودۆخـەی بکردایـە کـە لـە وڵاتانـی عەرەبیـدا هەیـەو وەك خـۆی نـاو لـێ بنایـە، دۆخـی بێبەشـبوونە تواوەتـی لـە ئـازادی.

گـەر ئەرکـی سەرشـانی ڕۆشـنبیرانی عـەرەب بێـت، هەوڵـی خۆیـان بەگەڕبخـەن بـۆ ئاشـکراکردنی ڕاسـتیەکان، ئـەوا لەسـەر خۆرئاواییەکانیـش پێویسـتە، گرنگـی بـەو فاکـت و ڕاسـتیانە بـدەن و بەدواداچوونیـان بۆبکـەن.

بەوجـۆرە دەتوانـن لای خۆیانـەوە کارێك بکـەن و تەنها هـەر بەدیار وتەو لێدوانـی گـەورە دەسـەڵاتداران یـان ڕۆژنامـە فەرمیەکانـەوە، دانەنیشـن.

کارێکـی لەوجـۆرە پێویسـتی بەهـەوڵ و هیمەتـی بـەردەوام و دیالۆگێکـی ڕاستەقینە هەیـە، لەنێـوان ڕۆشـنبیرانی خۆرئـاوا و هاوتا عەرەبەکانیانـدا.

ئاخـر بەردەوامبوونـی دۆخـی دواکەوتویـی و چەوسـاندنەوە لـە وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم بەگشـتی و وڵاتانـی عەرەبـی بەتایبەتـی، بێگومـان کاریگـەری لەسـەر خـودی خۆرئـاوا خۆیشـی دەبێـت.

لـە بەرئـەوەی ڕووبـەرەکان بەرتەسـك بوونەتـەوەو وڵاتانـی دنیـاش بـە بەردەوامـی لـە نزیـك بوونـەوەدان و ئێمـەش تائەوپـەڕی پێویسـتمان بەلێکتێگەیشـتنی دوولایەنـەو دەسـگیرۆیکردن و هاریکاریکردنـی هەیـە.

هـاوکات لەشـەڕ و شـۆڕیاخود دەمارگیـری و توندڕەوی ئاینیـدا، هیـچ چارەسـەرێك نابینـم.


سەرچاوە:

عبدالرحمـن منیـف: السـجن- حـوار صریـح مع اربعـە وعشریـن أدیبـا- دار السـاقی، بیروت.

# عەبدولڕەحمان مونیف





جەوهەر مەحمود داراغـــا








عبدالحمن مونیف له سالّی (1933) له شاری عومانی پایتەختی ئەردەن له دایك بووە. باوكی چەند ژنێكی هێناوە و دایكی عبدالرحمن خەڵكی عیراق بووە. تەمەنی منالّیی خۆی، لەگەڵ خێزانەكەی بەسەر بردووە. خێزانەكەیشی هەر چەند ساڵێك و لە وڵاتێك نیشتەجێ بووە. سەرەتا ماوەیەك لە دیمەشق بەسەر دەبەن و، دواتر لە نێوان شارەكانی وڵاتی سعودییەدا لە ماڵ گواستنەوەدا دەبن.

عبدالرحمن مونیف یەكێك بووە لە ئەندامانی (حیزبی بەعس). لە ساڵی (1952) لە زانكۆی بەغدا و كۆلێژی حقوق وەرگیراوە. بەڵام لە ساڵی (1955) كاتێك لە بەغداد (حلف بغداد ــ پەیمانی بەغدا) واژۆ دەكرێت، عبدالرحمن مونیف و چەندین خوێندكاری تر، لە زانكۆی بەغدا وەدەر دەنێرێن و رەوانەی وڵاتی میسر دەكرێن. بەڵام ئەم كەڵەنووسەرە ورە بەرنادات و لە زانكۆی قاهیرە «لێسانس» لە حقوقدا وەدەست دەهێنێت.

لە ساڵی (1958)، لە زانكۆی «بەلگراد»ی وڵاتی «یۆگۆسلاڤیا» دكتۆرا لە بەشی «ئابووریی نەوت»ی «زانستە ئابوورییەكان»دا وەدەست دەخات و لە (1961)دا «بەشی ئابووریی نەوت» تەواو دەكات.

دواتر دەگەڕێتەوە بۆ «بەیروت»ی وڵاتی لوبنان و، بە «ئەندامی سەركردایەتیی نەتەوایەتی« هەڵدەبژێردرێت. ئەویش هەر چەند مانگێك دەتوانێت سەرومڕ بێت. چونكە لە ساڵی (1962)دا، بۆ یەكجاری پشت لە سیاسەت و حیزبایەتی دەكات.

بە تۆمەتبار كردنی وڵاتی سعوودییە پاسپۆرتی خۆیی لێ

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

دەسـەنێتەوە و، تاکـوو سـاڵی مردنەکـەی، کـە (2004) بـوو، بـۆی ناگێڕێتـەوە.

سـاڵی (1964) دەگەڕێتـەوە شـاری دیمەشـقی وڵاتـی سـووریا و، کار بـە پسـپۆڕییەکەی خـۆی دەکات، کـە ئابـووری نـەوت بـووە و، لـە «کۆمپانیـای نەوتـی سـووریا» دادەمەزرێـت. لەبـەر کارامەیـی خـۆی، پۆستەکەی باڵاتـر دەکرێـت و دەبێتـە «بـــەڕێوەبەری بـە بـە بـــازاڕ کردنـی نەوتـــی سـووریا».

لـە ساڵی (1973) لـە «بەیـروت» نیشـتەجێ دەبێـت و لـە گۆڤـــاری «بـــلاغ»دا کار دەکات.

سـاڵـــی (1975) بەیروتیـش جـێ دەهێڵێـت و لـە شـاری «بەغـداد»ی پایتەختـی عێـراق نیشـتەجێ دەبێـت. لـە بەغـداد گۆڤـــارێك دەردەكات تایبـەت بـە ئـــابووریی نـەوت و، ئـەوکات ئـەم گۆڤـارە دەنگدانـەوەی نێـو دەوڵەتیـی باشـی دەبێـت.

بـــە دەسـت پـێ کردنـی جەنگـی درێژخایەنـی (ئێـران ـــ عێـراق) ئەمیـش بیـر لـە جـێ هێشـتنی عێـراق دەكاتـەوە. ئـــەوە بـوو لـە سـاڵی (1981) ڕووی لـە «پـــاریس»ی فەڕەنسـا کـرد و، ئیـدی خـۆی بـۆ ڕۆمـان نووسـین تەرخـان کـرد.

(شـارەکانی خـوێ ـــ مـدن الملـح) بەرهەمـی ئـەو چەنـد سـاڵەی دەبێـت. کەچـی لـە سـاڵی (1987)دا پاریسـیش جـێ دەهێڵێـت و دەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری دیمەشـقی وڵاتـی سـووریا. ئیـدی لـە هاتوچـۆی نێـوان «دیمەشـق» و «بەیـروت» دا دەبێـت، تاکـوو لـە (24)ی کانوونـی دووەمـی ساڵـــی (2004) دوا کـۆچ دەکات.

ئـــەم کەڵەنووسـەرە هەمیشـە جەختـی لـەوە دەکـردەوە: پێویسـتە ئێمـە سـوود لـە داهێنانەکانـی وڵاتانـی خـۆراوا وەر بگریـن، بـــەڵام ناکرێـت بـە دەسـت و پەنجـەی ئـەوان کار بکەیـن و، پێویسـتە بـە دەسـت و پەنجەکانـی خۆمـان کار بکەیـن و، سـوود لـە کلتـووری خۆمان ببینین. پێویسـتە ڕۆمانەکانمـان لـە کلتـوور و مێـژووی خۆمانـەوە سـەرچاوە بگـرن.

دەبێـت لـە توێیەکانـی ڕۆمانەکانمانـەوە، هەسـت بـە هـــەژان و هەڵچـوون و سـۆز و ئـــازارەکانی خۆمـان بکەیـن. تـا چەنـد ڕووداوەکان بخرێنـە نێـو ڕۆمانەکانـەوە، هێنـدە مێژووەکەمـان چەسـپاوتر دەبێـت!

ئـــەو کتێبـەی عبدالرحمـن مونیـف، کـە نێـوی «رحلە چـوو»ە قسە لەسـەر ئـەم بابەتـە دەکات. و بـە خوێنـەری دەڵێـت: هەمیشـە دەبێـت خۆمـان داهێنـان بکەیـن و، چاوەڕوانـی کەسـانی تـر نەبیـن. ئەگەرنا نـەك هـەر چەقبەسـتوو دەبیـن، بـــەڵکوو بـەرەو دواوە دەگەڕێینـەوە.

لە بـارەی تاکی کۆمەڵگاکەی خۆیشییەوە وتـــوویەتی:

پیاوانمـان لـە هەمـوو تەمەنەکانیانـدا، پێویسـتیان بـە ئـــامۆژگاری و ڕێنمایـی کردنـە, چونکـە شایسـتانە پـــەروەردە نەکـراون!

عبدالرحمـن مونیـف دیدگایەکـی ژیانـدۆسـتای جوانـی هەبـووە بـۆ ژیـان و وتوویەتـی:

درێـژ بوونـــەوەی حەوانـەی مـرۆڤ، تەوەزەلـــی بەرهـەم دێنێـت.

ماندووبوونـی فرەیـش شۆڕشـی لـێ بەرهـەم دێـت.

بـەرامبەر بە «ژیـان»یش وتـــوویەتی:

بیرچوونـــەوە ئاسانترینی ڕێگاکانی ژیان کردنـــە.

دەسـتپێکی کارەکانـی عبدالرحمـن مونیـف بـە کورتـە چیـرۆك بـووە. ئاخر کورتـە چیـرۆك فـرە وە گیانـی خـۆش بـووە! بۆیـە لـە نێـوان سـاڵەکانی (1969 ـــ 1970) چەنـد کورتـە چیرۆکێکـی نووسـیوە و، لـە کتێبێکـدا بـە نێـوی «الباب المفتـوح»ەوە، بـە چاپـی گەیانـدووە. ئـەم کتێبـەی چەندیـن کورتەچیرۆکـی لـە خـۆ گرتـووە و، ڕووداوەکانـی لـە نێـو کۆمەڵـگای خۆیـەوە، هـەڵ هێنجاوە و، خۆیشـی لـە زۆربـەی ڕووداوەکانیاندا ژیـــاوە!



ئـــەو ماوەیـە بـۆ عبدالرحمـن مونیـف وەکـوو تاقیکردنـەوە بـووە و، سـەرەتای نووسـینی ڕۆمـان و کورتـە چیـرۆك بـووە بـۆ ئـەو. ئـەم کتێبـە (209) لاپەڕەییـە، (دامـەزراوەی عـەرەب بـۆ کۆڵینـەوە و وەشـاندن) لـە سـاڵی (2009)دا بـە چاپـی گەیانـدووە.



## له كتێبەكانی عبدالرحمن مونیف:

| | |
|---|---|
| 1ـــ الاشـجار واغتيـال مـرزوق | 1973 |
| 2ـــ قصـه حـب مجوسـيه | 1974 |
| 3 ـــ الـشرق المتوسـگ | 1975 |
| 4 ـــ النهايـات | 1977 |
| 5 ـــ سـباق المسـافات الگويلـه | 1979 |
| 6 ـــ حيـن تركنا الجـسر | 1979 |
| 7ـــ عـالم بـلا خرائـگ.. مـع جـبرا خليـل جـبرا | 1982 |
| 8 ـــ تيـه ـــ مـدن الملـح | 1984 |
| 9 ـــ الاخـدود | 1985 |
| 10ـــ تقاسـيم الليـل و النهارـــ مـدن الملـح | 1989 |
| 11ـــ لوعـه الغيـاب | 1989 |
| 12 ـــ بـاديه الظلـمات ـــ مـدن الملـح | 1989 |
| 13 ـــ المنبـت ـــ مـدن الملـح | 1989 |
| 14 ـــ الان هنــا | 1991 |
| 15 ـــ ارچ السـواد 1 | 1991 |
| 16 ـــ ارچ السـواد 2 | 1999 |
| 17 ـــ ارچ السـواد 3 | 1999 |
| 18ـــ اعاده رسم الخرائگ | |
| 19ـــ سيره مدينه | |
| 20ـــ سيره مدينه ـــ عمان فی الاربعينيات ـ | |
| 21ـــ بين الپقافه و السياسه | |
| 22ـــ ام النژور | |

دەرگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

لە زنجیرە ڕۆمانی (مدن الملح)دا، عبدالرحمن مونیف زۆر جوان قسە لە ژیانی عارەبانی دوورگەی عەرەب دەکات، بەر لە بەرهەم هێنانی نەوت. لەگەڵ ئەو ئاڵ و گۆڕ خێرایانەی بەسەر کۆمەڵگای شارو شارۆچکەکانی عارەباندا هاتووە.

لە تویی ڕۆمانەکانی عبدالرحمن مونیفدا هەست، هەست بە کلۆمدانی دەمەکان و زەوت بوونی ئازادیی مرۆڤی عەرەب و چەوساندنەوە دەکرێت. خۆیشی لە وڵاتی خۆیدا ئاوارە بووە و، هەستی بە ئەو ژیانە پڕ ستەمەی نەتەوەکەی خۆی کردووە بە دەست حوکمڕانەکانی زۆرینەی دەوڵەتە عەرەبەکانەوە کردووە. ڕەخنەگرانیی عەرەبیش لە سەر ئەوە کۆکن، کە مونیف بە هۆی چیرۆك و ڕۆمان و نووسینەکانیەوە، دەمامکەکانی لە ڕووی حوکمڕانانی زۆرینەی دەوڵەتانی عەرەب داماڵیوە و، ڕووی ڕاستی سەرکوت کردن و، ستەمکارییەکانیان لە بەرامبەر تاکی کۆمەڵدا، خستووەتە ڕوو. عبدالرحمن مونیف بەرامبەر بە نەتەوەکەی خۆی دەوەستێتەوە و پێیان دەڵێت: عەرەب نەتەوەیەکە لە ڕابردوودا دەژیێت! مەستی مێژووی خۆی بووە، بێ ئەوەی لێوەی فێر ببێت و، لە ئێستایدا پیادەی بکات! بۆیە مامەڵەی شیاو و گونجاوی لەگەڵ ئێستای خۆیدا بۆ ناکرێت. هەر ئەمەیشە هۆی دواکەوتنی.

ئەم کەڵەنووسەرە، لە گەڕانێکی سەرومڕدا بووە و، تا دوا ساتەکانی ژیانی لە هاتوچۆی نێوان دیمەشق و بەیروت و پاریس و بەغدادا بووە و، ئاگاداری بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەوڵەتانی عەرەب و، پەرەی دەوڵەتانی ئەورووپا بووە. بۆیە ڕەخنەگران بە هۆی کتێبەکانییەوە و، بەرهەڵستەکانی و بە گژاچوونەوەی ڕژێمەکانی زۆرینەی دەوڵەتە عەرەبییەکان، بە کەسێکی دوورخراوە و ئاوارەی نێو نیشتمانی خۆی، نێوی دەبەن لەگەڵ (جوبرا ابراهیم جوبرا) هاوڕێیەتییەکی فرە تۆکمەی هەبووە و، پێکەوە پڕۆژەی ڕۆمانێکی زۆر جوانیان هێناوەتە بوون و، نێوی ڕۆمانی (عالم بلا خرائگ)ە و، ڕەنگە ئەمە یەکەمین ڕۆمان بێت کە دوو کەڵە نووسەر تێیدا بەشدار بووبن، نەك لە سەر ئاستی نەتەوەی عەرەب، بەڵکوو لەسەر ئاستی هەموو جیهان!

لە ساڵی (1989) خەڵاتی (العویص الپقافیە)ی وەرگرتووە. لە ساڵی (2005)دا و دوای مردنی، خەڵاتی (الابداع الادبی)ی لە بواری (الروایە والتاریخ)ی پێ بەخشراوە.

زیاتر لە (30) کتێبی هەیە و، (الاشجار واغتیال مرزوق) یەکەمین ڕۆمانی عبدالرحمن مونیفە و لە ساڵی (1973)دا بڵاو بووەتەوە. بڕێك لە کتێبەکانی لە زانکۆکانی ئەورووپا دەخوێندرێن. بەرهەمەکانی ئەم کەڵەنووسەرەی عەرەب، بۆ پتر لە (20) زمانی جیهان وەرگێڕدراوە و، خوازیارم کتێبەکانی ئەم عبدالرحمن مونیفە بە وەرگێڕدراوی، کتێبخانەی کوردیش ئاوەدان بکاتەوە.

ئەم کەڵنووسەرە یاخییە، لە 24ی کانوونی دووەمی (2004) کۆچی دوایی کرد و، لە گۆڕستانی (دحداح)ی شاری دیمەشق بە خاك سپێردرا. لە ساڵی (2007)یشدا کەسانێك کەوتبوونە ڕووخاندنی گۆڕەکەی. بەڵام دەستیان نەگەیشتبوو، بە ڕووفاتەکەیدا و، جارێکی دی، نزرگاکەی هەڵبەسترایەوە.



لە عەرەبییەوە: ئەژین باجەڵان



# نامەیەکی
# عەبدولڕەحمان مونیف
# بۆ
# فەیسەڵ دەراج

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو بارودۆخە بکەین کە ئەم نامانەیان تێدا ئاڵوگۆڕکراوە لە نێوان عەبدولڕەحمان مونیف و فەیسەڵ دەراج. ئاشکرایە لای ئەوانەی گرنگییاندەدا بەو گۆڕانکاریانەی کە ڕووی لە دورگەی عەرەبی کرد لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتایی سەدەی بیست و یەک، ئەو هێرشە دەرەکیەکیانەی ڕوویان لە هەندێ وڵاتی عەرەبی کرد، و دەستیان گرتە سەر عیراق، و چۆن ئەم وڵاتە مەزنەیان پەرشوبڵاوکردوە و چۆن شەڕی ڕەگەزپەرەستی تێیدا سەریهەڵدا، و لەو دیاردانەی لە کۆمەڵگە عەرەبیەکانی تر دروست بوو، دیاردەی ستەم و زۆرداری و پەراوێزخستن و گرنگی نەدانی دەسەڵاتداران بە میلەتەکەیان، و گەنجان خۆیان بە نامۆیی دۆزییەوە لەنێو ئەم واقعە پڕ ئازارە، پاشان دەرکەوتنی بزوتنەوە سەلەفیەکان و ڕمانی حیزبەکان بەهۆی دوورکەوتنەوەی ڕۆشنبیران. ئەمانە وایان کرد دوای ئەوەی زیندان و چەوسانەوە و دوورخستنەوەیان چەشت، لێیان بوو کە ڕۆژنامەگەری نەوت کاریگەری کرد لەسەری، بۆیە دوورکەوتەوە لە ڕۆڵی خۆی لە بڵاوکردنەوەی هۆشداری و بەرنگاربوونەوەی ئەم دیاردانە.

بۆیە هەست کردن بە مەترسی ئەم دیاردانە دیار بوو بۆ بەشەکەی تری ڕۆشنبیران، بۆیە گومانی تیانییە مونیفی بەردەوام ئاگەدار لە بارودۆخی خەڵک و چەوساوکراوان، لەگەڵ چەندین هاوڕێی گفتوگۆی هەبوو لەم بارەیەوە، لەوانەیە ئەمانە ببنە هۆی دروست بوونی هەندێ بیرۆکە، بۆیە هەمووان بەرپرس دەبن پێش ئەوەی کارەساتە چاوەڕوانکراوەکان ڕووبدەن. ئەمە پێشبینی نەبوو بەڵکو ڕوانین و خوێندنەوەیەکی وەردی ئەو بوو بۆ ئەوەی لە چواردەورمان ڕوودەدات لە دەرەوە و ناوەوە. گفتوگۆکان دەستیان پێ دەکرد هەرکاتێک هاوڕێکانیان دەبینی.

بۆ ئەوەی ئەوەی ئەم گفتوگۆیانە بەفیڕۆنەچن، و بۆ ئەوەی لە شێوازێکی جدی و کاریگەر پەرەبسێنێن، ئەم دوو هاوڕێیە بڕیاریاندا ئەم گفتوگۆ و بیرۆکانە بەرفراوان و تۆماربکەن، چونکە نووسین گرنگیەکی باشی هەیە لە گەشەسەندنی بیرۆکەکان. بۆیە لێرەوە نووسینی نامەکان دەستی پێکرد وەکو چۆن ئاماژەمان پێکرد، بەتایبەتی لەو سەردەمەی نامەگۆڕینەوە هۆنەرێکی دیار بوو، و زۆر لە نووسەر و هونەرمەند و شاعیرەکان و ڕۆشنبیران بە گشتی گرنگیان پێدەدا، بۆ ئەوەی پەرە بە گفتوگۆکانیان بدەن. دیارترین نموونەکانی ئەو سەردەمە نامەکانی ریفاعی بۆ ئەبو ڕەییە بوو لە کتێبی (نامە خەمگینەکان)، و نامەکانی ئەحمەد زەکی پاشا لەگەڵ باوکە ئەنستاس ماری کەرمەلی، و نامەکانی ریفاعی و مەی زیادە، و جوبران و مەی زیادە، و سەیابی شاعیر لەگەڵ ئەدۆنیس، و چەندین تریش بە جیاوازی بابەت و ناوەڕۆکیان.

سەرەتای گۆڕینەوەی ئەم نامانە بە نامەیەکی فەیسەڵ دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی عەبدولڕەحمان دوای ئەوە وەڵامی بداتەوە، بۆ ئەوەی وەڵامەکانی هەردوولا ڕپربن لە بیرۆکەی نوێ دەربارەی قوربانی و جەلاد و پاڵەوانیەتی و ئازاییەتی و چەوساندنەوە، یان بیرۆکەگەلێک دەربارەی گەیشتن بە دیموکراتی و دامەزراندنی بونیادگەری یان ئیسلامی سیاسی، و بیرۆکەی تریش. بەم شێوەیە لە بیرۆکەیەکەوە بۆ یەکێکی تر ئەم دوو هاوڕێیە درێژەیان بە نامەکانیاندا.



نامەی یەکەم :-

## لە عەبدولڕەحمان مونیف بۆ فەیسەڵ دەراج

**1989/9/29** سەرنجی ئەو سێ نۆیە بدە!

فەیسەڵ ئەزیزم

کاتێک دەستمانکرد بە تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە، پێش مانگێ یان دوو مانگ، زیاتر ڕوونبوو، دەکرێت من ئەو کاتە دڵنیاتربوبێتم، بەڵام کاتێک نامەکەت دووبارە و دووبارە دەخوێنمەوە، و قوڵتر بیردەکەمەوە لەو پرسیارانەی کە کردووتن، هەست دەکەم لە کەناری مەتەڵدایین (Labyrinth) ئەگەر لە ناوەڕاستی نەبین.

لەگەڵ ئەوەشدا و لەگەڵ ئەو تۆقاندنەی دەگاتە سنووری ترس، پرسیارە داپۆشراوەکان، کە لە هەندێک ساتدا کۆتای پێهێنراو

دەدرەکەون، زۆر جار پرسیارەی سادە دەبن، کە وا لە مرۆڤ دەکەن لە حاڵەتێکی دوودڵی چاوەڕوان نەکراوبێت.
پێم وابوو پاڵەوانیەتی دەتوانرێت دەستنیشان بکرێت و بگرێت، و هەروەها وامدازانی پاڵەوانیەتی ئەوەیە کە پاڵەوانان دروستی دەکەن، بەڵام تەنها بە تاقیکردنەوەی ئەم حاڵەتە، بە تایبەتی لەم بارودۆخەی تیاییدا دەژین، بۆم دەرکەوت کە مرۆڤ بەردەوام ئارزووی ئەوەی هەیە کۆت و پێوەندی گەورە لە وەهم دروست بکات. هەروەها حەز بەوەدەکات وەسفی گەورە و نامەقوڵ بکات بۆ ئەو شتانەی ئارەزووی پێگەیشتیان دەکات. دەکرێت هەڵوێستی ئازایانە هەبێت، ئەم کارانەش لە کات و شوێنی تر بەشێکن لە ژیانی خەڵک و شێوازی مامەڵەکردنیان، بەڵام ئێمە حەزدەکەین سیفەتی پاڵەوانیەتی پێ بدەین، چونکە ئێمە ناتوانین بیانکەین یان پێشبینیان ناکەین، ئەگەر ئاوها دایبنێین ئەوە گومانی تیانیە کە ئەوانەی دەیکەن پاڵەوانن، بەم شێوەیە خۆمان وەهمەکە دروست دەکەین و دەبین بە بەندەی.
هاوڕاتم لەوەی هەندێ کاری ئەو مرۆڤانەی لە دەوروبەرمانن بە بوێری و بەرپرسیارێتی ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە لە شتێکی باڵاتر سەرچاوەی گرتووە، لەوانەیە خەون بێت، ئەمەیە وا لە ئێمە دەکات بە پاڵەوانیەتی وەسفی بکەین، کەچی خۆی لەڕاستیدا هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و ئامادەباشییە، و بەرگری کردنە لە ڕاوبۆچوونەکان و شێوازێکی دیاریکراوی ژیانە، هەروەها بەرگریکردنە لەوانەی ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن. ئەم حاڵەتانەش لاواز و کاتییە، دەکرێت لەڕبکرێت لەم بارە وێرانەی تێیدا دەژین لەم قۆناغەدا. دەتوانین ئەوانەی بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بە پاڵەوان ناوبەرین؟
با سەرەتا لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین، کە پاڵەوانەکان بوونیان نییە. لاوازەکانن کە دروستیان کردووە. لاوازە و بێهێزەکان وەهمێکیان دەوێت یان کەپرێک یان هێزێکی نا سروشتی، تەنانە نا مرۆڤایەتیش، بۆیە درۆیەکی نوێیان دروستکرد بۆ ئەوەی لە سێبەری بحەسێنەوە، ناویاننا پاڵەوانەکان.







# فەیسەڵ دەراج

نازانم بۆ بە تایبەتی حەزم بەم وشەیە نییە، لەوانەیە لە مێژەوە، بەم وردیە بیرم نەکردبێتەوە، بەڵام لە ئەندێشەم بوو. ئێستاش لەگەڵ ئەوەی کردت شتەکان زیاتر روونبوونەوە. کەواتە پاڵەوان نەما! ئەمە یەکەم خاڵە. دووەم خاڵ ئەوەیە کە کەڵەکەیەک لە کردار و قەناعەت و ڕەفتار دەتوانێت لە باردۆخێکی ئاسایی باردۆخێکی تایبەتی دروست بکەت لە قۆناغێکی تردا.

دەکرێت مێژوو تۆمارگەیەک بێت تەنها بۆ براوەکان، و دۆڕاوەکان بێ بەش بن لە سادەترین شێوەی پۆزەتیڤی، یان چاکیەکانیان ببەخشن بەوانەی دایانبەزاندووە!

بۆیە پێوەرە گشتییەکان وەهەم تێناپەڕێنێت. لێرەوە دەبێت بەدوای پێوەری بێ فیزتر بگەڕێن و زیاتر پێچەوانە بێت.

چۆن بتوانین ئامادەبوونی هەندێ خەڵک بۆ قوربانیدان بە بێ خواستی ناوبانگ و پاداشت شیبکەینەوە؟ ئەو ژن و پیاوانەی کاردەکەن لەپێناوی وەدەستهێنانی بژێوی کەسانیتر، لە ژن و منداڵ، پێش ئەوەی بیر لە خۆیان بکەنەوە! ئەو ئافرەتەی وەکو چۆن مریشک، خۆی و منداڵەکانی دەپارێزێت لە کۆمەڵگایەکی گورگاوی، بە بێ پێشبینی کردنی ئەنجامەکان، تەنها ڕەت کردنەوەی خۆبەدەستەوەدان و دۆڕان.

چۆن وەسفی قوربانیدانی بنکی کۆمەڵگا بکەین، ئەوانەی ئامانجیان زیاتر نییە لەوەی دان بە مرۆڤبوونیان بنێن و مافیان لە ڕێگری کردن لە ئازار و شکان و مەینەتی، لە خۆیان و غەیری خۆشیان، چۆن وەسفی چەوسانەوەی هەندێ خەڵک بکەین لە پاراستن و بەرگری کردنیان لە هەڵەکانیان و شەرەفیان، ئەگەر پاڵنەرێکی بەهێز و نەزانراو و بێ دەنگ نەبێت، ئەوە بکەن!

شتێک لە هێز و جەختکردن هەیە لە ناوەوەی زۆر خەڵک، بەڵام ئەم شتە زۆر جار بێ ڕەنگ و ژێر خۆڵ دەکرێت لەژێر پووچی ڕۆتینی ڕۆژانە، ئەوانەی جەختی لەسەر دەکەنەوە، و هەوڵی بەردەوام بوونی دەدەن بەوەی بیکەن بە پێوەرێک بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان، و ماندبوونێکی ڕۆژانە خەرج دەکەن بۆ مانەوەی، ئەم



شته تەنها جیاکرەوەیە لەم قۆناغەی تێیدا دەژین، ئەم مرۆڤانە شایەنی وەسفێکی گونجاون بۆ قوربانیدان و بێدەنگیان، پاڵەوانی؟ بڕوانەکەم! ئەمە وەسفێکی تر زیاد دەکات لە ڕەفتاری ڕانەمەڕێتی. و گەمژەیەتی و خۆبەدەستەوەدان دەپەڕێنیت، لەناوەوەی ئەمانە گرێک هەیە، شێتیەک، بە ئاگابوونێک، چاونەترسییەک، ئەمەیە کە دەبێت بە وردی وەسفیان پێ بکەین.

فەیسەڵ ئەم سەردەمەمان، جەلادە گەورەکەمانە. و سەردەمە قورسەکان جەلاد بێ بەزەییتر دەکەن، لەوانەیە ترس بێت یان پێشبینی، بۆیە دەیەوێت هەموو کەشتیەکان بسووتێنێت بۆ ئەوەی کەس سەرینەکەوێت. لەم سەردەمانە پیاوان و ئافرەتان پابەندبوون ڕەتدەکەنەوە.

هەروەکو چۆن دەیبینیت، لە ڕێگەمان ژمارەیەکی زۆر لە ناو و نازناو کەڵەکەبوون: پاڵەوان و پاڵەوانیەتی، ئازایەتی، هەست بە بەرپرسیاریەتی، چاونەترسی، لەکۆتاییدا ئەوەی سەردەمە قورسەکان دەیتەقێننەوە و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان و وەڵامدانەوەیانە.

لە سایەیی ئەم شڵەژانە وشەی گەورە دەدۆزینەوە بە ژاوەژاو و ئەو سێبەرانەی کە خۆی دەسەپێنێت، یان هەوڵدەدەین توندبیگرین، یان وەهمێکی تر دروست بکەین بتوانێت ڕزگارمان بکات، بۆیە وشەی گەورە و ترسناک لەدایکدەبێت، و ئەوەندەی پێ ناچێت دەکەوینە تۆڕەکەیەوە.

ئەگەر توانیمان لە وشە گەورەکان ڕزگارمان بێت دەتوانین زیاتر لە واقیع نزیک ببینەوە و لەوەی دەمانەوێت پێی بگەین. ئەگەر پیسی بێ واتایی هەندێک وشە نەبووایە، لە پێناوی نزیک کردنەوەی چەمکەکان، دەمگوت ئەوەی پێویستمان پێیە: ڕاستگۆیی و بوێرییە. لەوانەیە هیچ شتێکی تر نەبێت لەدوای ئەمانە یان جگە لەمانە.

ڕاستگۆیی دوژمنی ڕاستەقینەی ساختەکاری و دەرخستن و بێ ماناییە، ڕێگایەکی قورسە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خود و بەرامبەر و شتەکان. پێم دەڵێیت کە ڕاستگۆیی ڕێژەییە، یان تەنگانەکان لە هەندێک

**عەبدولڕەحمان مونیف**



باردۆخدا کاریگەری دەکاتە سەر. با بڵێین ئەمە ڕاستە، بەڵام لەدەستدانی دەمانگەیەنێتە وونبوونێکی تەواو، پاشان دەمانگەیەنێتە ئەو حاڵەتە گومانمان لە هەموو شتێک بێت. ئەوەی زیاتر هەست بە مەترسیەکەی دەکەم لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە وشەکان واتا و هێمای خۆیان بەدەستەوە نادەن. هەموو هێما و واتایەکیان لەدەستدا. دەکرێت هەر وشەیەک بگوترێت بەڵام لە واقیعدا پێچەوانەکەی ڕوودات، لەهەمان کەس. دەشێت بۆ شاردنەوە مەبەستەکان یان ڕووکەشکردنیان بەکاربێت وەکو تەڵەیەک بۆ گرتنی مرۆڤە سادەکان. چ جیاوازیەک هەیە لەنێوان ئەو جەلادی بە قامچی مامەڵەدەکات، و ئەو سیاسەتمەدارەی کە برادەرانی بە هەڵدەدەبات بە درۆکردن و ساختەکردنی ڕاستییەکان و دیوکیۆمێنتەکان؟ بۆچی تەنها پۆلیس و لێکۆڵەرەکان تاوانباردەکەین و ئەوانە لەبیردەکەین کە ئەمانیان پڕکردووە بە درۆ و وەهم و ترس! ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

ڕاستیەکان ساختە دەکات بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجێکی دیاری کراو، و ئەوەی دەست دەکات گیرفانی خەڵک بۆ دزینیان؟

بوێری ئەوە دەکەم و دەڵێم، گەر ڕاستگۆیی پێوەرێکی بنەڕەتی بووایە بۆ مامەڵەکردن و قسەکردن، ئەوە پێوەری گەردوون و ژیان دەگۆڕا، تەوەری سەرەکی کە ژیانمان لەسەر بەڕێوەدەچێت: سەرکەوتنە، جگەلە هیچ شتێکی تر. تەنانەت سەرکەوتنیش ئێستا پێوەری ماددی دیاریکراوی هەیە زیاتر لە هەر بیرۆکەیەکی تر: پارە، واتە هێز، دەسەڵات بەسەرەوەی خەڵکی تر و چەوساندنەوەیان، و بەکارهێنانیان بەو شێوەیەیی سەرکەوتن بەهێزتر و بەرفراواتر دەکات.

ئەگەر ڕاستگۆیی پێوەربووایە بارودۆخەکە دەگۆڕا.

ئەگەر ڕاستگۆیی لەگەڵ ئازایەتی و بوێری بوو، ئەو کات دەگەینە دووریانی سەرەکی کە دەتوانرێت تەوەر جێگیر و بەهێزبکات.

ئایا دیموکراتی ڕێگەیەکی کرداری دەبێت بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئەنجامە؟ پێموایە دەبێت، لەوانەیە ببێتە دەروازەیەک لە ڕێگەیەوە ئاشنای شێوازی نوێ ببین.

بەڵام خودی دیموکراتی خۆی دروشم نییە، ڕێگەیەکی ژیانە و نیگایەکی قوڵە بۆ خود و بەرامبەر بە کارپێکردنی ڕۆژانە نەبێت وەدەست ناهێنرێت، لە مێژەوە بۆ کارپێکردنی پێویستت بە ڕێژەیەکی زۆر لە بوێری هەیە، چونکە جیاوازیەکی تەواوە لەگەڵ هەموو شتێک لە دەوروبەرمان، لە دامەزراوە سیاسیەکان تاوەکو پەیوەندیە فیکریەکان، تاکو تێگەیشتنی پەیوەندیەکان لەگەڵ کەسانی بەرامبەر، و چەمکەکان.

لەم قۆناغەدا، هەوەروەکو چۆن قۆناغەکانی تر، وادیارە جیاوازی لە وشە گەورە و بەرفراوانەکان و نەزانراو و شلەکان، ڕێگەیەکی بێ گومانە بۆ دۆڕان (لە دەستدان). لەدەستدانی چی؟ لەدەستدانی خود، واتە ژیان. کەواتە مرۆڤ دەبێت بە کرمێک؛ دەتوانێت بژێت و درێژبێتەوە لەسەر زەوی، بێ ئەوەی شوێن پێیەک بەجێبهێڵێت.

لەدوای ئەم گەشتە پڕ لە کونانە، پێم وایە لە هەندێک شوێن وێڵبووین، لەوانەیە دوودڵبووبێتین، بەڵام ئەمە تەنها گریمانەیە، دەستمان بە دیاری کردنی شتەکاندا بێ ئەوەی بڵێین کە دەتوانین بگەین بە چارەسەر، ئەمە بۆ خۆی گرنگی خۆی هەیە.

فەیسەڵ بیهێنە پێش چاوت، بە پاڵەوان و پاڵەوانیەتی دەستمان پێکرد، و بە تەنها خەون بینین بە ئاواتێکی مەحاڵ: خەون بە دیموکراتی، کۆتاییمان پێهێنا.

دیموکراتیش، ئایا دەتوانین پێی بگەین بێ ئەوەی ژانی پڕ لە خوێن بکەین، واتە بە بێ پاڵەوانیەتی؟ ئایا دووبارە گەڕاینەوە بۆ هەمان پرسیار؟ لەوانەیە پێویستی بە نامەیەکی تر یان چەند نامەیەکی تر بێت! بەڵام پێم بڵێ: نامەکانمان دەتوانێت بەردێک بجوڵێنێتەوە یان شنەیەک بوەستێنێت یان گەشبینمان بکات؟ ئێمە، تاوەکو ئێستا، هەر قسەدەکەین بە شێوەیەک کە بەدڵم نییە: تۆم بە ڕۆبی زانکۆ دێتە پێش چاوم، مێخەکێکت خستوەتە شوێنی قوپچەکەوە، و سەیری خوێندکاران دەکەیت، سەیرکردنێکی توند و پڕ لە گرەوکردن، خۆم دێتە پێش چاو، پێچێکم خستوە وەکو پێچی مەلا و شێخەکان و هەوڵدەدەم خەڵکی قایل بکەم بە پەراوێزی قایلکردنی خود. خوایە، پاشان خوایە، هێزێکمان پێبدە بتوانین ئەم سکڵە هەڵگرین لەکاتێکدا ڕاستگۆیی و بوێری نەماوە، ئارامیمان پێببەخشە، یارمەتیمان بدە لە ناسینی <فاتی لە بازاڕی کۆترفرۆشان>.



سڵاو و ڕێزم

عەبدولڕەحمان مونیف


نامەیەکی
فەیسەڵ دەراج
بۆ
عەبدولڕەحمان مونیف

## ئەی هاوڕێی بەخشندەم

با لە چەمکێکی تێکەڵکراو دەست پێبکەین، پاڵەوانیەتی لە سەردەمی دۆڕانیشدا، تێکەڵکراوترین چەمکە. هەندێ پرسیار لە حەز و ئارەزووەکانی منداڵیەتی دەچێت، نە بەدیدێت نە لە یادەوەریەکانیش دەردەچێت. بەر لە چەندین ساڵ هەوڵمدا شتێک بنووسم لەسەر واتای پاڵەوان و پاڵەوانیەتی، هەوڵەکە سەرنەدەکەوت، چونکە وەڵامە گونجاوەکە بەر تەسکترە لە بەرفراوانی پرسیارە جیاجیاکان.

نازانم بۆ کاتێک دەنووسم، هەوڵی لەناوبردنی چەمکی پاڵەوان دەدەم، و تەنها لەسەر چەمکی پاڵەوانیەتی دەنووسم! ئەو بەڵگەیەی پشتی پێدەبەستم، هەندێک لە خاڵە بنەڕەتە پێویستەکانی تێدایە، دەیگوت: دووپاتکردنەوەی چەمکی پاڵەوان پێویستی بە دووپاتکردنەوەی چەمکی پێویستی پاڵەوان هەیە، چونکە پێویست بوونی ڕەها پێویستی بە پێویست نەبوونی ڕەهایە، و پاڵەوانی پڕ توانا پێویستی بە شوێنکەوتووی بێ توانایە.

بەڵام من هێشتا پێم وایە کە وێنەی پاڵەوان و ڕزگارکەر لە یەک دەچێت. ڕزگارکەریشلە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی ئاینیە، پێغەمبەر لەنێوان زەوی و ئاسمان وەستا، بوونەوەرێک جیهان دابەشدەکات بۆ چەند ئاستێک. لەکاتێکدا پاڵەوان لەنێوان ئەوەی خەون دەبینێت و بێ دەسەڵاتە لەگەڵ خەونەکەی دەوەستێتەوە، هەروەها تاکو بێ دەسەڵاتتر بوو وێنەی پاڵەوانەکە گەورەتر دەبوو، وەکو وا بێت بێ دەسەڵات پاڵەوان دروست ناکات تاکو خۆی بێ هێزتر نەکات، واتە دانپێنان بە بوونی پاڵەوان، دانپێنانە لەسەر بوونی کۆمەڵگەیەکی بێ هێز کە پاڵەوانەکەی دروست کرد.

چەمکی (ئاست) کە دروستکەری پاڵەوان پشتی پێدەبەستێت، چەندین چەمکی زاڵ تر دەهێنێتە ئاراوە کە لە کۆمەڵگاکانە ئامادەن بۆ زاڵبوون و ملکەچی. دەکرێت چەمکی (ئاست) وەکو ئاینگەریی،زۆرداری و ستەم لەخۆبگرێتەوە، چونکە ئەو ناوبژیکەرەی لە نێوان بێ هێز و خەونەکەیەتی، بەگوێرەی هێزەکەی و ئەو فەرمانەی بەسەریەوە دەکرێت ئەوجا هەڵدەستێت بە کارەکەی. لێرە پاڵەوان جەوروستەم ناکات، بەڵکو تایبەتمەندیەکەی خۆی دەنوێنێت، چونکە بوونی ئەو گرنگە، هەروەها پاڵەوانیەتی دەرخستنەکەی لە بەرامبەر ئەوانەی بێ توانان.

ڕاست بێت یان نە، وام هەست دەکرد، ئەم بیانو هێنانەوە تیۆریە بەرامبەر بەم کەشە زۆر بەرگە ناگرێت. سەرسامی چەمکی پاڵەوان بووم، بانگەشەم بۆ دەکرد، تاوەکو بوو بە شتێکی ئاشکرا، چونکە مێژووی قوتابخانە وەکو مێژووی میلی، هەر مێژووی پاڵەوانان بووە، گەر پاڵەوان ڕاستەقینە بێت یان هەر درۆیەک بێت لە زاری یەکێک لەوانەی کە تامی سەرکەوتنیان نەکردوە و خەڵک باوەڕی پێ کردبێت. دەکرێت ئەو بیانو هێنانەوە تیۆریە بەرگە نەگرێت بەرامبەر بە پرسیارە دووبارە سادەکان، وەکو بۆ نموونە گەنجێک پرسیار لە واتای (جەمال عەبدول ناسیر) بکات یان (سلێمانی خاتر)، (ناجی ئەلعەلی)، (ئیبراهیم هەنانو) یان (فەرەج ئەلحلو).

دەبوو لەدوای ئەوەدا، جیاوازی لە نێوان پاڵەوانیەتی و ئازایەتی بکەم، و بڕیاربدەم کە پاڵەوانیەتی ئازایەتی دەگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە ئازایەتی پاڵەوانیەتی بێت. بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیە زۆر لە بابەتەکە ناگۆڕێت، ئەگەر پرسیارەکە ئەمە بوو: کێ بڕیار لەسەر واتای پاڵەوانیەتی و ئازایەتی دەدات؟ هەروەها ئایا پاڵەوانیەتی وتەیەکی بابەتییە؟ باشە بۆ هەندێک کەس لە سەردەمێکی دیاریکراودا وەکو پاڵەوان دەردەکەون دواتر ئەو نازناوەیان کاڵ دەبێتەوە؟ وەکو ستالین بۆ نموونە!



دەکرێت بپرسم چی لە جەمال عەبدول ناسیر مایەوە؟ کاتێک کورە گەنجێکی جوان لە باشووری لوبنان خۆی دەتەقێنێتەوە چی بەجێ دەهێڵێت؟ پەیوەندی نێوان ئازایەتی و خۆکوشتن چییە؟ کەمیان باشترە لێهاتووی لە ئازایەتی یان لە سیاسەت؟ کێ ئەو ملیۆنەها کەللە سەرەی لەبیرە کە گیانی خۆیان بەخت کرد کەچی کۆشکی گەندەڵان بەسەریانەوە بنیادنرا؟ لە ڕێگەی ئەم پرسیارانە بە دوای ڕوونی یان نهێنی ناگەڕێم، چونکە من خۆم هێشتا لە بازنەی شڵەژاوی دەرنەچوومە.

جاران پێم وابوو، کە پاڵەوان ئەو سەرکردەیە کە جەماوەر پشتی پێ دەبەستێت بۆ دابین کردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، کە دەتوانین هەستی پێ بکەین. هەروەها کاتێک ویستم واز لە چەمکی پاڵەوانی بێنم و تەنها خەریکی چەمکی پاڵەوانیەتی بم، گوتم: ئەو پاڵەوانە هیچ بوونێکی نییە

وەکو مەجازێک نەبێت بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی کە دەیپەڕێنێت، واتە پاڵەوانیەتی ڕاستەقینە لەو کۆمەڵە دەبێت کە پاڵەوانەکەیان بەرهەمهێناوە لەکاتێکدا خۆشی لە مەجازێک زیاتر نییە. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەم پێناسەیە زوو لەناودەچێت، چونکە سەرکەوتن دەکاتە پێوەرێک بۆ پاڵەوانیەتی، واتە مانای پاڵەوانیەتی لە بۆچوونێکی سوودوەرگرتن و برگماتی دەبێت. لێرە دەپرسم: چۆن دادپەروەرانە باسی چیڤارا بکەین؟ پاڵەوانە تەنیاکە، کە بۆ کەیسێکی دادپەروەرانە هانگاوینا، کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکەشی نەبینی، ئەوەی ئەو بەرووڕووی دەڕۆشت بە هانای نەدەهاتەوە! ئەگەریش شوێن دەستە ماددیەکان پێوەرێک بن بۆ پاڵەوانیەتی، کەواتە چی لە جەمال عەبدول ناسیر دەمێنێتەوە لەسەردەمی کامپ دیڤید؟ئایا شەهیدبوونی سلێمانی خاتر هیچ تەنگ و چەڵەمەیەکی خستە کاروباری سیاسیەوە؟ سلێمانی خاتر لەسەردەمی دڵتەنگیە وێرانەکە ئازایەتی نواند یان پاڵەوانیەتی؟ دوای چەندین ساڵ کێ ئەم پیاوە مەردەی لەبیردەبێت؟ ئایا نازناوی پاڵەوانیەتی گونجاوە بۆ ئەوانەی بەزێنراون؟

وادیارە ڕوونکردنەوەی پێشو کەمێک ناڕوونە، واتە چەمکی پاڵەوان خراوەتەڕوو بەبێ دیاریکردنی کاتەکەی، وەکو وابێت چەمکەکە دەلالەتێکی هەیە لە چەند کاتێکی جیاوازدا. من وای بۆ دەچم کە ئەم چەمکە وەکو چەمکەکانی تر ڕێژەییە. ئەگەر نەبوونی بەرتیل دیاردەیەکی ئاشکرابێت لە هەندێک سەردەمدا، مایەی پێهەڵدانیش نابێت، کەواتە وەرنەگرتنی بەرتیل ئازایەتییە لە سەردەمانێکی تر. واتەی بەرتیل ناگۆڕێت بەڵکو سەردەمەکە، بە گۆڕانی سەردەمیش واتای پاڵەوانیەنی دەگۆڕێت. ئەگەر پاڵەوانیەتی سەرکەوتن بێت، کەواتە (دەڵاڵ) نابێت بە پاڵەوان لە سەردەمانێکی تردا؟ دەکرێت بە تاڵیەکەوە بپرسین: ئاخۆ (پاڵەوانی پۆزەتیڤ) چی لێ هات و بۆچی چوو؟ ئەمە بە دۆڕاندنی (پاڵەوانی پۆزەتیڤ) دانانرێت بەرامبەر بە سەرکەوتنی (پاڵەوانی نەگەتیڤ)؟ بەڵام نەگەتیڤ و پاڵەوانیەتی چۆن ڕێکیان دێت؟ وا دیارە کە چەمکەکان بە گۆڕانی کات و باری کۆمەڵایەتی بەندە و بەرپرس دەگۆڕێن!

ئەگەر دیسانەوە بگەڕێنەوە بۆ هەمان پرسیار و بڵێین: گشتاندن نەفامییە،



## فەیسەڵ دەراج





# عەبدولڕەحمان مونیف



گشتیش بوونی نییە، کەواتە چەمکی پاڵەوان چەمکی سیاقی مێژووی دەسەپێنێت.

گەر هەر بەدوای سیاقێک بگەڕێین، یان مێژوویەکی دیاریکراو، تێیدا لەسەر پاڵەوان و پاڵەوانیەتی بخوێنینەوە، کەواتە با واقیعی ئێستامان ئەو سیاقەبێت. لەوانەیە ڕێک نەکەوین لەسەر ژمارەی ئەو ڕەگەزانەی کە ئەم گەندەڵبوونە گەورەیە دادەڕێژێت، بەڵام ددان بەوەیە دەنێین کە ئەم گەندەڵییە گەورەی ئەم سیاقەیە و حاکمە گەورەکەیەتی. زەمەن بنیاتنانرێت گەر هەرچی بنەما و بەند و شتە بێگومانەکان نەڕوخێنین. چونکە نیشتمان کەلایەکە، گەلیش موڵکێکی تایبەتە، دەستوریش مەنفییە، عەقڵیش بوونی نییە مەگەر بە شێوە نا عاقڵیەکەی بێت، شکۆی نیشتمانیش وەکو مەتەڵێک وایە!

کەواتە شێوەی ئەو پاڵەوانە چۆنە کە لە سیاقێکدا بەها ئەخلاقی و مەعنەوی و نیشتیمانیەکان بەرفراوان و وێران دەکات؟ شێوەی پاڵەوانیەتی لە سەردەمی گەندەڵیدا بریتییە لە بەرگریکردن لەو بەها و پێوانە و بنەمانەی کە بەرهەڵستکاری لە گەندەڵییە، واتە بەرگری کردن لە ئەرک و بەرپرسیاریەکان و شکۆی نیشتمانی و ڕاستگۆیی و دادپەروەری و عەقڵ و ئازادی و جوانی. لێرە پاڵەوانیەتی بەرگری لە شتێکی دیاریکراوەدەکات لە بەها و پێوانەکان، کە ڕەگ و ریشەیەکی کۆنیان هەیە. ئەگەر ستەمکار لە نێو خۆی ئەزموونێکی بێ وێنەی هەبێت لە ستەمە، لەم حاڵەتەدا بەرهەڵستکاری ستەم ناتوانێت بەرگری بکات ئەگەر ئەویش هاوشانی ستەمکار ئەزموونێکی باشی نەبێت لە جەنگاندنی ستەمکاریدا. گوللەکانی سلێمانی خاتری دادپەروەر هیچ نیشتمانێک بەدەستناهێنێتەوە، دوژمنیش نابەزێنێت، بەڵام بەرگری لەو بەها و پێوانانە دەکات. بەشێوەیەکی پچڕاو دەتوانم بڵێم: سلێمانی خاتر پاڵەوانیەتی نەکرد، بەڵکو بەرگری لە واتای پاڵەوانیەتی کرد، ئەو تێکۆشەرێکی نیشتمانیە نەک پاڵەوان، چونکە پاڵەوانی تاک بوونی نییە.

بیرۆکەی باومان بەرامبەر بە پاڵەوان، ئەوەیە کە وا دەردەکەوێت پاڵەوان تاکێکە بەڕاستی کارێکی گەورەی کردوە. لێرە دەپرسین: کێیە ئەو تاکەی بە